# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستی

## راپۆرتی یەکەم

## هەڵسەنگاندنی کێشەکانی: (کەمی پزیشک، پێداویستی پزیشکی و تەندروستی، بینا، نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و پزیشکی نیشتەجێی دێرین، نەکردنەوەی بەشەکانی: "بوژانەوەی دڵ، چاودێری ورد و نابەکام").

١٥/٧/٢٠٢٠

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: راپۆرتی هەڵسەنگاندن |
| ٢ | پێشەکی |
| ٣ | یەکەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (کێشەی کەمی پزیشک) |
| ٥ | دوەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (گرفتی پێداویستی پزیشکی و تەندروستی) |
| ٨ | سێیەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (گرفتی بینا) |
| ١٠ | چوارەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (گرفتی نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو پزیشکی نیشتەجێی دێرین) |
| ١٢ | پێنجەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (نەکردنەوەی بەشەکانی: بوژانەوەی دڵ، چاودێری ورد و نابەکام) |
| | بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان |
| ١٥ | یەکەم: دەرەنجام |
| ١٦ | دوەم: راسپاردەکان |

# بەشی یەکەم: راپۆرتی هەڵسەنگاندن

## * پێشەکی

یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، لەنێوان ساڵانی ٢٠١٧_٢٠١٩، پرۆژەیەکی هەبو بۆ چاودێری کەرتی تەندروستی و پەروەردە، کە هەر مانگە و لەسەر یەکێک لەو کەرتانە، راپۆرتێکی ورد و بنکۆڵکاریی بڵاودەکردەوە.

لە پرۆژەی ساڵی ٢٠١٩_ ٢٠٢٠ دا، چوار راپۆرت بڵاودەکاتەوە (٢ لەبارەی کەرتی تەندروستی و ٢ لەبارەی کەرتی پەروەردە) کە تیایدا بەدواداچون دەکات بۆ ئەوەی کە لەو کاتەوەی ئەو راپۆرتانە بڵاوبونەتەوە تائێستا، چ بەرەوپێشەوەچونێکیان تێدا بەدیی هاتوە، یان بەپێچەوانەوە پاشەکشە رویداوە؟ ئەمەش بەمەبەستی زانینی دۆخی کێشە و گرفتە وروژێنراوەکان و هەڵسەنگاندن بۆ هەنگاوەکانی و بەتەنگەوەهاتنی حکومەتی خۆجێی لەوبارەیەوە.

لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا کە یەکەمین راپۆرتی هەڵسەنگاندنی دۆخی تەندروستیە لەگەرمیان، بەدواداچون بۆ (٥) لەو کێشانە کراوە کە پێشتر هەریەکەیان بەجیا راپۆرتیان لەسەر ئامادە کراوە، ئەوانیش بریتین لە: کێشەی کەمی پزیشک، گرفتی پێداویستی پزیشکی و تەندروستی، گرفتی بینا، گرفتی نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و پزیشکی نیشتەجێی دێرین، گرفتی نەکردنەوەی بەشەکانی (بوژانەوەی دڵ، چاودێری ورد و نابەکام).

لە میانەی ئەم راپۆرتە هەڵسەنگاندنەوە، بەدواداچون بۆ بەرەوپێشەوەچون و پاشەکشێکانی ئەو بوارانە دەکەین.

## یەکەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (کێشەی کەمی پزیشک)

### ا. باکگراوەندی راپۆرت:

(کێشەی کەمی پزیشک)، ئەمە ناونیشانی یەکەم راپۆرتی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بو لە کەرتی تەندروستی راپۆرتەکە ساڵی ٢٠١٧ بڵاوکرایەوە، کەمی ژمارەی پزیشک و نەبونی هەندێک پسپۆڕی یەکێک بو لە گرفتە سەرەکیەکانی ئەم پرسە لە گەڵ ئەوەشدا نەمانەوەی ئەو پزیشکانەی کە دەهاتنە سنورەکە وایکردبو ئەم گرفتە بەردەوامبێت.

### ب. هەڵسەنگاندن:

### ١. بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان: جیاوازییەکی زۆر نابینین لە گۆڕانکاری ژمارەی پزیشک

د.بەناز جەلیل، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبون لە کەلار، جەختیکردەوە بارودۆخەکەیان لە روی پزیشکی پسپۆڕ و پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرین خراپتر بوە، چونکە کەمیان کردوە زیادی نەکردوە.

لە راپۆرتی ژمارە یەکی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان دا، ئاماژە بەکەمی پسپۆڕییە جیاجیاکان کرابو لە سەرجەم نەخۆشخانەکانی گەرمیان.

د.هاوار هۆشیار، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، رایگەیاند ئەم گرفتە لە نەخۆشخانەکەیان ماوەتەوە کە کەمی و نەبونی پسپۆڕیە جیاجیاکانە لە نەخۆشخانەکەیان.

نمونەی ئەوەی هێنایەوە لەم بارودۆخەی کە هاتۆتە پێش پسپۆڕی نەخۆشیە ڤایرۆسیەکانیان زۆر گرنگ بو هەبن و رۆڵیان دەبو لە چاودێریکردنی نەخۆشەکان.

لە قەزای کفری نەخۆشخانە ٢٢ قەرەوێڵەکەی گرفتێکی زۆری هەبو لە ژمارەی پزیشک، بەڵام وەک بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: تاڕادەیەک گۆڕاوە، پزیشکانی: هەناوی، چاو، میزو میزەڕۆ، ژنان و مناڵبون، پێست، بێهۆشکاری و ...هتد، لە نەخۆشخانەکەیان رۆژانە بە پێی خشتە دەوام دەکەن.

سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، باسی لەوەشکرد پزیشک هەیە هەفتەی یەک رۆژ نەخۆش دەبینێت، هەشیانە هەفتەی دو رۆژ، هەربۆیە ئەم ژمارەی پزیشکە بە نیسبەت ژمارەی دانیشتوانی قەزاکەوە کەمە.

هاوکات لە مەڵبەندە تەندروستیەکەی کفری(٥) پزیشک هەیە ئەوانیش (٣) پزیشکی گشتی و (٢) پزیشکی پسپۆڕن.

سۆران کەریم، بەڕێوبەری مەڵبەندەکە ئاماژەی دا: بارودۆخی خزمەتگوزاری تەندروستی لە مەڵبەندەکەیان زۆر خراپ بوە بەهۆی ئەم بارودۆخەی کە روبەڕویان بۆتەوە، پزیشک و کارمەندی تەندروستی دەستی بە بایکۆتکردنی دەوام کردوە.

لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٣ سەرجەم پزیشک وکارمەندانی تەندروستی دەستیان داوە مانگرتن لە کارەکانیان، وەکخۆیان دەڵێن بەهۆی پێنەدانی موچەیە.

**٢. بەڕێوبەری گشتی تەندروستی: ژمارەی پزیشک دو هێندە زیادی کردوە**

سەرباری ئەوەی بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان باس لەوەدەکەن کە ژمارەی پزیشک لە نەخۆشخانەکانیان وەکخۆی ماوەتەوە، بەڵام بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: ژمارەی پزیشک بەبەراورد بە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکە، دو هێندە زیادی کردوە.

د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، جەختی لەوەشکردەوە مانەوەی پزیشک پەیوەستە بەو دەرفەتەکە بۆی دەرەخسێت لە کەرتی تایبەتدا کاربکات، دەشڵێت: مانەوەی پزیشکان لێرە بە لێپێچینەوە و رێگری نەبوە، بەڵکو تەنها بە هاندانیان بوە بۆ کارکردنیان لە کەرتی تایبەت، بەمەش لە کەرتی گشتیەکەدا بەردەوامبون لە خزمەت، بەشێوەیەک پزیشک هەیە دوای پێنج ساڵ لێرە بەردەوامە.

## دووەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (گرفتی پێداویستی پزیشکی و تەندروستی)

### ا. باکگراوەندی راپۆرت:

راپۆرتی ژمارەی سێی یەکەی چاودێری کەرتی تەندروستی تایبەت کرابو بە گرفتی پێداویست و ئامێر لە ناوەندە تەندروستیەکان، راپۆرتەکە لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاو کراوەتەوە.

ئەوەی گرفت بوە لەم پرسە نەبونی کۆمەڵێک ئامێری پێویست بوە یاخود کەمی ئەو ئامێرانەی کە خواستێکی زۆری پزیشکی لەسەرە، بەشێوەیەک هاوڵاتیان ناچارن بۆ بەشێکی بەرچاوی پشکنینیەکان رو لە ناوندە تەندروستیە ئەهلیەکان بکەن، یەکێکی دیکە لە گرفتەکان کۆمەڵێک لە پێداویستی و کەرەستەکان کۆن بون یان لە کار کەوتون ئەوەش بوبو بە بەشێک لە گرفتی رۆژانەی ناوندە تەندروتسیەکان کە وەک پێویست خزمەت گوزاریەکان بەردەست نەخەن.

### ب. هەڵسەنگاندن:

#### ١. پێداویستی و ئامێر کڕاوە بەڵام وەکپێویست نیە

قەیرانی دارایی لەساڵی (٢٠١٤) لە هەرێمی کوردستان دەرکەوت لەو ساڵەوە کەرتی تەندروستی لەکارکەوتنی ئامێر و نەبونی ئامێری پێویست دوای بەرفراوانبونی ناوچەکە بەرۆکی بەرنەدا.

بە شێوەی جیاواز پێداویستی پزیشکی و ئامێر و کەلوپەلە پزیشکیەکانیان لە دوای ساڵی (٢٠١٨)ـەوە بۆ نەخۆشخانەو سەنتەر و مەڵبەندە تەندروستیەکان دابینکراوە، بەشێوەیەک هەندێکیان دەڵێن: پێداویستیەکان وەکپێویست نیە.

د.بەناز جەلیل، جەختی کردەوە ئامێر و پێداویستیە پزیشکیەکان لە نەخۆشخانە تایبەتەکەی ژنان و منداڵبون لە گەرمیان وەکپێویست نیە.

هاوکات نەبونی ئامێری پشکنینی چاو وای کردوە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی نەخۆشەکانی پشکنینی چاویان بۆ نەکرێت.

سامان سەرتیپ، ئاماژەی بەوەکرد نوسراویان کردوە بۆ دابینکردن و کردنەوەی بەشی پشکنینی چاو.

بەشی تاقیگەی نەخۆشخانەکەی کفری ئامێری پشکنینی هۆرمۆناتیشی تێدا نیە کە لەرابردودا هەبوە، ئەوەش کۆمپانیایەکی دەرمان کە تەندەری بۆ دەرچوە هێناویەتی، بەڵام کە ماوەکەی تەواو بوە دوای ئەوە نەخۆشخانەکە ئەو پشکنینیەی تێدا نەکراوەتەوە.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە لە بارەی کورەی لە ناوبردنی پاشەڕۆ پزیشکیەکانیشەوە، وتی: "ئەو مەحرەقەیە بەکاردێنین کە دوکەڵ دەردەهاوژێت ئەمەش هی ساڵانی کۆنە و هی کاتی دروستکردنی نەخۆشخانەکەیە".

سەنتەری تیشک، لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکانی تەندروستی باسیان لە کەمی ئامێرەکانیان و گرنگی بونی چەند ئامێرێک کرد لە سەنتەرەکەیان، بەڵام لێپرسراوی کارگێڕیی سەنتەرەکە دەڵێت ژمارەی ئامێرەکانمان وەکخۆیەتی.

کاروان محەمەد، باسی لەوەشکرد وەزیری دارایی واژۆی لەسەر کڕینی سیتی سکان بۆ بەشی تیشکی نەخۆشخانەی فریاکەوتن کردوە، بەڵام دەرئەنجامەکەیان نەبینیوە.

## ٢. بەڕێوبەری گشتی تەندروستی: بە بڕی ٥٠٠ ملیۆن پێداویستی کڕاوە

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان هێمای بەوەکرد لە ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ دەستیان بە کڕینی کۆمەڵێک پێداویستی پزیشکی کردوە، وەکخۆی هێمای بۆ کرد نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دیناریان بۆ ئەو پێداویستیانە خەرجکردوە و پارەکەشی لەسەر بودجەی تەندروستی بوە.

هاوکات لە بەرواری ١٠ ئازاری ئەمساڵدا وەزیری دارایی واژۆی لەسەر کڕینی ئامێری سیتی سکان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار بە بڕی (١،٠٢٥٠،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیار و دوسەد پەنجا ملیۆن دینار و ئامێری شکاندنی بەردی گورچیلە بۆ سەنتەری گورچیلەی کەلار بە بڕی (٨٥٠، ٠٠٠، ٠٠٠) . هەشت سەد و پەنجا ملیۆن دینار کرد.

د.سیروان محەمەد، لە بارەی کڕینی ئامێرەکانەوە وتی: چاوەڕێی فەرمانەکەین بگات بە دەستمان.

یەکێک لەو پێداویستیانەی نەخۆشخانەکان بە گرنگیان زانی بۆ قاوشەکانی داخلکردنی نەخۆش، ئامێری مۆنیتەرینە، بەڕێوبەری گشتی وتی: نەمانتوانیوە ئەو ئامێرانە بکڕین.

## ٣. خێرخوازان ئامێر و پێداویستی بۆ نەخۆشخانە تایبەتەکەی کۆرۆنا دەکڕن

لە نەخۆشخانە حکومیەکانی گەرمیان ١٢٢ قەروێڵە (تەخت) هەیە، لەو ژمارەیە ٨ قەرەوێڵەی تایبەتە بە چاودێری ورد و هەناسەی دەستکرد.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ٨ بێدەی ئامێری ڤێنتیلەتەری لەسەرە کە ئامێرێکە بۆ هاوکاریکردنی ئەو نەخۆشانە بەکاردەهێندرێت کە حاڵەتی زۆرخراپی هەناسەدانیان هەیەو لەلایەن خێرخوازانەوە ئامێری هەناسەدانی دەستکردەکەی بۆ دابینکراوە.

د.هاوار هۆشیار، سەرپەرشتیاری نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا لە گەرمیان، رایگەیاند کە زۆر پێویستیان بە ستافی پسپۆڕە بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکە و چاودێریکردنی نەخۆشەکان.

## سێیەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (گرفتی بینا)

### ا. باکگراوەندی راپۆرت:

راپۆرتی ژمارە شەشی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لەساڵی ٢٠١٨ بڵاوکاریەوە بە ناونیشانی (گرفتی بینا)ی تەندروستی کە پایەیەکی گرنگی تەندروستیە، بەڵام لە گەرمیان ئەم پایە گرنگە بەگوێرەی پێویست بایەخی پێنەدراوە.

زۆرینەی بیناکان کێشەی کۆنی و بچوکی روبەریان هەیە، ئەمەش وایکردوە هاوڵاتیان لە کاتی سەردانکردنیان توشی نارەحەتیەکی زۆر ببنەوە، ئەمە جگەلەوەی بینا تەندروستیەکان لە گەرمیان سیستەمی تەندروستی ئەوتۆیان تێدانیە چ لە هەیکەلی بیناکان چ لە تاقیگەکان و سیستەمەکانی ئاوەڕۆی بیناکان، هەروەک رێژەی سەوزایش بەگوێرەی پێویستی بیناکان نیە.

بە وردی ئەم گرفتانەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی لە راپۆرتەکەدا خرابونە رو بەڵام لە هەڵسەنگاندنەکەدا هیچ گۆڕانکاریەک لە پرۆژەی بینا و چارەسەری خێرا بۆ ئەو بینایانەی کە گرفتیان هەبوە بەدی ناکرێت.

### ب. هەڵسەنگاندن:

### ١. نەخۆشخانە ١٠٠ قەرەوێڵەکە بە هەیکەلیی ٧ ساڵی تێپەڕ کرد

لە سنورەکە (٥) نەخۆشخانە هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا سەنتەرە تەندروستیەکان بینای تایبەت بە خۆیان نیە، لە ئێستادا لە بینای نەخۆشخانەی گشتی کەلاردان.

ئەمە گرفتە وەکخۆی ماوەتەوە، چونکە لە راپۆرتەکەی ساڵی ٢٠١٨ دا بەدەر لەم بینا تەندروستیانە (٢) نەخۆشخانە لەگەڵ تاقیگەیەکی ناوەندی لە قۆناغی دروستکردندا بون، ئەوانیش: نەخۆشخانەی

تایبەتیی ددان لە کەلار ساڵی (٢٠١٢) دەستکراوە، بەڵام بەهۆی وەستاندنی کارەکانیەوە تاوەکو ئێستا تەواو نەکراوە.

نەخۆشخانەی (١٠٠) قەرەوێڵەیی تایبەت بە منداڵان لە کەلار ساڵی (٢٠١٣) دەست بە دروستکردنی کراوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٤)ـەوە کارەکانی وەستاوە، هەروەک تاقیگەی ناوەندی لە کفری لە ساڵی (٢٠١٤) دەست بە دروستکردنی کراوەو ئێستا لە قۆناغی کۆتایی تەواو بوندایە.

د.سیروان محەمەد، جەختی کردەوە ئەو پرۆژانە وەکخۆیان ماونەتەوە "هیچ شتێک دیار نیە" لەبارەی کارکردنەوە تێیاندا.

### ٢. خێرخوازان نەخۆشخانەیەک دروست دەکەن

بەم هۆی نەبونی بینا و شوێنی گونجاو بۆ روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، خێرخوازان نەخۆشخانەیەکیان دروستکرد بەناوی نەخۆشخانەی (قەڵا) و تایبەت کرا بە چاودێری ورد و نەخۆشیە گوازراوەکان، نەخۆشی کۆرۆنا لەو نەخۆشخانەیە داخڵکراون کە پێکهاتوە لە ٧٠ بێد.

## چوارەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (گرفتی نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو پزیشکی نیشتەجێی دێرین)

### ا. باکگراوەندی راپۆرت:

راپۆرتی ژمارە حەوتی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، تایبەت بو بە گرفتەکانی نەبونی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و پزیشکی نیشتەجێی دێرین، راپۆرتەکە لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

لە راپۆرتەکەدا تەواوی ئەو گرفتانەی بەهۆی نەبون و کەمی ژمارەی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو(مقیم)، پزیشکانی نیشتەجێی دێرین (مقیم اقدم) دروست بون و هۆکارەکانی ئەم کێشەیە لەگەڵ چارەسەرەکانی بە رێگە یاساییەکان، خرابونەڕو.

### ب. هەڵسەنگاندن:

د. هاوار هۆشیار، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژە بەوەدەکات: نەبون و کەمی ژمارەی پزیشکی نیشتەجێی دێرین کەلێنێکی گەورەیە لە نەخۆشخانەکەیان "کەرتی تەندروستی ئەڵقەیەکە بۆ ئەوەی هەمو کارەکان بە رێکوپێکی بەڕێوەبچن بە زانستی، بەڵام لای ئێمە ئەو ئەڵقە پچڕاو پەرتەوازەیە".

د. بەناز جەلیل، بەڕێوبەری نەخۆشخانە تایبەتەکەی ژنان و منداڵبون، وتی: بەهۆی مانگرتنیانەوە لە ئێستادا هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی خولاو و دێرین لە نەخۆشخانەکەماندا نیە.

بە پێی ئامارەکانی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٨ کە ئەوکات راپۆرتەکەدا بڵاوکرابوەوەو لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان (٩) پزیشکی نیشتەجێی خولاو(مقیم) و(٣) پزیشکی نیشتەجێی دێرین(مقیم اقدم) لە سەرجەم نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان هەبو.

د.سیراون محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد ٤ پزیشکی نیشتەجێی خولاویان بۆ زیادکردون.

| نەخۆشخانە +مەڵبەندی تەندروستی | پزیشکی نیشتەجێی خولاو | | پزیشکی نیشتەجێی دێرین | |
|---|---|---|---|---|
| | ساڵی ٢٠١٨ | ساڵی ٢٠٢٠ | ساڵی ٢٠١٨ | ساڵی ٢٠٢٠ |
| نەخۆشخانەی گشتی کەلار | — | ٢ | — | — |
| نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی | ٣ | ٤ | — | — |
| نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب | — | ٢ | ٢ | — |
| نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار | ٩ | ٨ | ١ | — |

خشتەی بەراوردی ژمارەی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو و نیشتەجێی دێرین لە سالانی ٢٠١٨ و ٢٠٢٠

## پێنجەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (نەکردنەوەی بەشەکانی: بوژانەوەی دڵ، چاودێری ورد و نابەکام)

### ا. باکگراوەندی راپۆرت:

راپۆرتی ژمارە یازدەی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێیی گەرمیان لە ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکرایەوە، تایبەت بو بە نەکردنەوەی بەشەکانی چاودێری ورد و منداڵانی نابەکام "خودەج"، لەکاتێکدا شوێن و ئامێرەکانی بەتەواوی ئامادەبون. بەشێکی دیکەی راپۆرتەکە تەرخانکرابو بۆ سەنتەری تایبەت بە نەخۆشیەکانی دڵ، کەیەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی تەندروستی، بەڵام لە گەرمیان هیچ سەنتەر و بەشێکی تایبەتی نەخۆشیەکانی دڵ بونی نەبو.

لە راپۆرتەکەدا بە وردی باسی مەترسیەکانی نەبونی ئەو بەش و سەنتەرانە کرابو کە هۆکاری سەرەکی ناردنی نەخۆش بون بۆ سلێمانی، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو حاڵەتە گەرمانە پسپۆڕان ئاماژەیان بەوەکردبو کە ئەگەری گیان لەدەستدانی نەخۆشەکان زیاتر دەبن لە سنورەکە بەهۆی نەبونی ئەو بەشانە.

### ب. هەڵسەنگاندن:

#### ١. گەرمیان بەبێ سەنتەری دڵ ماوەتەوە

حاڵەتەکانی جەڵتەی دڵ یاخود پەکەوتن و لاوازبونی لێدانی دڵ ئەو نەخۆشانەن کە پێویستیان بە دەستبەجێ چاودێری وردە لەماوەیەکی کورتدا لە سەنتەرێکی تایبەت بە دڵ، کەچی نەخۆشێک ئەگەر لە قەزای کفریەوە پێویستی بە بوژانەوەی دڵ بێت دەبێت لە قەزای کفریەوە بهێنرێتە قەزای کەلار پاشان لەم قەزایەوە دەنێردرێتە نەخۆشخانەکانی پارێزگای سلێمانی کە دەگاتە زیاتر لە (٢) کاتژمێر.

بەهۆی نەبونی ئەم سەنتەرە لە گەرمیان، یەکێک لەو مەترسیانەی دروست دەبێت لەسەر نەخۆشەکە بەهۆی درەنگ گەشتنیەتی بە وەرگرتنی چارەسەر و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی ئەو باردۆخەی توشی بوە.

لەو راپۆرتەی کە تایبەت بوە بەم پرسە، پسپۆڕانی بوارەکە ئەوەیان خستبوەڕو کە نەبونی ئەم سەنتەرە چەند مەترسی لەسەر حاڵەتە گەرمەکانی جەڵتەی دڵ و نەخۆشیەکانی دڵ دروست کردوە لە گەرمیان، ئەمەو هاوکات نەبونی ئەم سەنتەرە بە رێگری لە ئەنجامدانی چەندین نەشتەرگەری لە گەرمیان دادەنرێت.

بە پێی بەدواداچونەکان ئەگەرچی لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتەکە لە ساڵی ٢٠١٨ دەنگۆی کردنەوەی سەنتەرێک یان بەشێک هەبو لە گەرمیان، بەڵام ئێستا ئەو دەنگۆیەش نەماوە، هۆکاریش نەبونی شوێن و نەبونی ستافی پسپۆڕە، لەگەڵ قەیرانی دارایی، هاوکات نەبونی هەوڵی کاراش هۆکاری سەرەکی نەبونی ئەم سەنتەرەیە لە گەرمیان.

## ٢. بەشی چاودێری ورد دەرگاکەی بەداخراوی ماوەتەوە و هۆڵی نەشتەرگەریەکە بە کاتی کرایەوە

بەشی چاودێری ورد بەیەکێک لە بەشە سەرەکیەکانی کەرتی تەندروستی دادەنرێت بۆ پاراستن و چاودێریکردنی بەردوامی ئەو نەخۆشانەی مەترسی لەسەر ژیانیانە.

بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە هۆڵی نەشتەرگەری کە هاوشانە لەگەڵ چاودێری ورد کرانەوە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەی گشتی تایبەت کرابو بە نەخۆشانی کۆرۆنا، بۆیە هەمان ستافمان بردە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و بۆ ماوەیەک لەو بەشە دەستبەکاربون.

د. سیراون محەمەد، لە بارەی هاتنی وەزیر و قسەکردنی لە بارەی دابینکردنی ستاف بۆ ئەو بەشانە کە بەسەرجەم پێداویستیەکانەوە ئامادەن، وتی: وەزیری تەندروستی سەردانەکەی بۆ بەسەرکردنەوەی گشتی بو و یەکەم سەردانی بو بۆ ناوچەکە.

لە راپۆرتەکەی تایبەت بەم بەشانە هێما بەوەکرابو نەبونی ئەم بەشانە وایکردوە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش لە گەرمیانەوە بنێردرێنەوە سلێمانی کە نزیکەی ٦٠٪ نەخۆشی نێردراوی گەرمیانە بۆ سلێمانی، هاوکات بەدەر لە مەترسی لەسەر نەخۆشەکە بارگرانیشە بۆ کەسوکاری.

بە بیانوی نەبونی ستافەوە بەشی "خودەج" کە تایبەتە بە منداڵانی نابەکام بەهەمانشێوە، ئامادەکاری لە روی شوێنەوە بۆ کرا، بەڵام بە نەکراوەیی ماوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە زیاتر لە ٦ پزیشکی پسپۆڕی منداڵان لە گەرمیان هەیە و راهێنانیش بە ستافێک لە کارمەندانی تەندروستی بۆ کردنەوەی ئەم بەشە کرا.

## بەشی دووەم: دەرئەنجام و راسپاردەکان

### یەکەم: دەرئەنجام

١. ژمارەی پزیشک بە وتەی بەڕێوبەری گشتی بۆ دوهێندە زیادی کردوە، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکانیش دەڵێن: هێشتا بۆ ژمارەی نەخۆشەکانی ئەوان کەمە.

٢. لەماوەی ساڵی (٢٠١٨_٢٠١٩) بە بڕی ٥٠٠ ملیۆن دینار پێداویستی و کەرەستە بۆ نەخۆشخانە و سەنتەر و مەڵبەندەکان کڕاوە.

٣. وەزیری دارایی واژوی لەسەر کڕینی دو ئامێری گرنگ بۆ تەندروستی گەرمیان کردوە کە بڕی تێچونی (٢،١٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دو ملیار و سەد ملیۆن دینارن، بەڵام تائێستا نەکڕاون.

٤. گرفتی کەمی و نەبونی ئامێری مۆنیتەر بۆ قاوشەکانی نەخۆشخانەکان وەکخۆی ماوەتەوە.

٥. خێرخوازان نەخۆشخانەیەکی ٧٠ قەرەوێڵەیان دروستکردوە لە گەڵ دابینکردنی پێداویستیەکانی بەشێوەیەک ٨ بێدی ئامێری ڤێنتیلەیتەری تایبەت بە هەناسەدانی دەستکردیان بۆ کڕیوە.

٦. نەخۆشخانە ١٠٠ قەرەوێڵەکەی کەلار و نەخۆشخانەکەی تایبەت بەددان لەگەڵ تاقیگەی ناوەندی کەلار و کفری هێشتا تەواو نەکراون یان نەکراونەتەوە. بە وتەی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی هیچ شتێکیان لێوە دیار نیە، هیچ گۆڕانکاریەک بۆ دەستبەکارکردن تێیاندا هەستپێناکرێت.

٧. ژمارەی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرین گۆڕاوە، بە شێوەیەک ٤ پزیشکی نیشەجێی خولاو بۆ گەرمیان زیاد کراوە، بەڵام هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی دێرین نەنێردراوە بۆ گەرمیان.

٨. بەشەکانی چاودێری ورد و هۆڵی نەشتەرگەری و "خودەج" سەرەڕای بونی ئامێر و پێداویستی و شوێنی ئامادەکراو، بەڵام نەبونی ستاف رێگر بوە لە کردنەوەی.

٩. هەست ناکرێت حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی کێشەکانی گەرمیان زۆر بەهەند وەربگرن، چونکە سەرباری بونی کێشەی زەق بەتایبەتی لە نەکردنەوەی بەشی گرنگ و پێویست، کەچی هیچ هەنگاوێک نەنراوە بۆ چارەسەرکردنیان، ئەگەرچی هەر لەم ماوەیەدا جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری تەندروستی سەردانی ناوچەکەیان کردوە.

## دووەم: راسپاردەکان

١. زۆرینەی کێشەکان کە دو ساڵ پێش ئێستا باس کراون، وەکخۆیان ماونەتەوە، ئەمەش بە زۆری پەیوەندی بەو قەیران و کێشە داراییەوە هەیە کە کەرتی گشتی پێوەی گیرۆدەیە لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە. هەندێک گۆڕانکاریی باش رویانداوە، بەڵام هەندێک گۆڕانکاری خراپ و پاشەوەچونیش هەبوە.

ئەوەی گرنگە بۆ حکومەت کە لە ئاستی گەرمیان و هەرێمیشدا هەستی پێناکرێت، ئەوەیە هەر چاوی لەوەیە دۆخی دارایی باش بێتەوە و پلانی نیە بەوەی لەژێر رۆشنایی مانەوەی دۆخەکە وەک ئەوەی ئێستا دەتوانێت چی بکات و چۆن هەنگاو بنێت. واتا بەدیلی عەمەلی و دیراسەکراو بونی نیە و هەوڵیشی بۆ نەدراوە. ئەمەش یەکێکە لە نەنگیەکان و پێویستە پێداچونەوەی بۆ بکات.

٢. دەبێت لایەنە ئیداریەکان و پارلەمانتار و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان، هاوشانی دەزگاکانی سنورەکە یەک دەنگ و دەست بن بۆ فشارخستنەسەر حکومەت بە ئاقاری چارەسەرکردنی کێشەکان و تەواوکردنی پرۆژە تەواونەکراوەکان، کە ئەم یەکدەنگییە زۆر هەستی پێناکرێت و بەشبەشێنەی حزبییش رۆڵی هەیە لەم روەوە.

٣. لەگەڵ ئەوەی کەرتی گشتی لەم دو ساڵەدا زۆر پێش نەکەوتوە و بگرە لە هەندێک بواردا پاشەکشەی کردوە، بەڵام کەرتی تایبەت گەشەی باشی کردوە و پرۆژەی گەورە لەم بوارەدا کراوەتەوە، ئەوەی پێویستە ئەوەیە حکومەت هەوڵبدات ئەم پرۆژانەی کەرتی تایبەت بکات بە تەواوکاری ئەوانەی کەرتی گشتی، یان بیکات بە هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی کەرتی گشتیش.

٤. بونی پزیشکی نیشتەجێ دێرین گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ تەواوکردنی کاری پزیشکان و ئەنجامدانی کاری باشتر بۆ نەخۆشەکانی گەرمیان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ پزیشکێکی نیشتەجێی دێرین لە گەرمیان نیە.

زیادبونی ژمارەی پزیشکی نیشتەجێی خولاویش بەرەوپێشچونێکی باشە، بەڵام هێشتا بۆ ژمارەی دانیشتوانی گەرمیان کەمە، بەتایبەت کە پزیشکی نیشتەجێی دێرین لە سنورەکە نیە.

٥. هاتنەپێشەوەی هاوڵاتیان و خێرخوازان بۆ بەهێزکردنی کەرتی تەندروستی هەنگاوێکی زۆر ئیجابیە، بەتایبەتی کە توانیویانە نەخۆشخانەیەک بەپێداویستی تەواوەوە دروست بکەن، دەبێت ئەم دەستپێشخەریانە بەردەوام بێت، حکومەت لەمڕوەوە دەبێت هاوکار بێت و پرۆژەی هەبێت.

٦. رۆتین و مەرکەزیەت لە بڕیاردا، هێندەی تر وایکردوە کێشەکان درەنگتر چارەسەر ببن و دوا بکەون، لەبەرامبەریشدا حکومەت هیچ هەوڵ و هەنگاوێکی نیە بە ئاراستەی کەمکردنەوەی ئەم رۆتین و مەرکەزیەتە، بەڵکو تائێستاش سورە لەسەر ئەوەی بە مەرکەزیەت ئیدارەی کەرتەکان بەگشتی بدات بەبێ ئەوەی بشتوانێت بەشی پێویست بیانباتە پێشەوە.

ئەمەش جارێکی تر پێویستی جێبەجێکردنی لامەرکەزیەت دوپاتدەکاتەوە بەشێوەیەک بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکان دەسەڵاتەکانیان زیاتر بکرێت.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**


١. ئەحمەد حەمید وەلی

٢. زریان محەمەد

٣. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ - ٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦

Radiodeng@yahoo.com    yakaychawderigarmyan@gmail.com

www.radiodang.org